

# کۆرپەی ناو بۆری

# IVF

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

دکتۆر هیوا عمر احمد

مێژو:

لە ساڵی ١٩٧٨دا دکتۆر ئەدوارس (کورپەلە زان) و دکتۆر سێستۆ (پسپۆری ژنانەو زان) لە ئینگلستان، یەکەم کورپەیان لە ناو بۆری یان لوولەدا پێگەیاند. پاش ئەوان تەکنۆلۆژیای پزیشکی لەم بوارەدا زۆر پێشکەوت.لە هەموو جیهان دا تا ئەمرۆ نزیکەی ٢٠٠٠٠ کۆرپەلە بەم شێوەیە گۆش کراوە,

ئەمرۆ هەلی ئەوە هەیە کە ژنومێردێك کە کێشەی لاوازی هێلکەدان یان کەمی تۆویان هەبێت بەم شێوەیە ببنە خاوەن منالّ.

لە سێ کۆرپەلەی ناو بۆری بە لای کەمەوە، یەکێکیان ئەبێتە منالّی تەواو و ئەشێت هەر ژنومێردێك بەیەك سك سیانەیەکیان ببێت. ئەگەری سك لە هەر ژنومێردێك دا، لە سەر چەندین خاڵ بەندە وەك تەمەن و ئاستی چالاکی توخمدانەکان، لە بەر ئەمە هەر ژن مێردە و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

لە ڕوشنایی پێشکەوتنی سۆنەردا، چیتر هەموو خانمێك پێویستی بە نەشتەرگەری نابێت، تا هێلکەی لێ وە وەربگێرێت بۆ ئەم کارە.





به هۆی دەرزییەکەوە لە ژێر سۆنەردا هێلکەکە لە هێلکەدانەکان دەرئەهێنرێت,ئەمەش پێی ئەووترێت لە کیلەکەوە هێلکە وەرگرتن. نەخەوتنی ناو نەخوشخانە، نە بەنجی گشتی ناوێت.

بۆ ئەوەی ئەگەری وەرگرتنی هێلکە زیاتر بکرێت، خانمەکە دوو هەفتە بە تێروتەسەلی ئامادە ئەکرێت. وەك پێدانی هۆرمۆن و ئەزمایشی خوێن و سۆنەر، بۆ ئەوەی لە کاتێکی باشدا هێلکەیەك یان چەند هێلکەیەك لە هێلکەدانی دەربهێنرێت.

بێ ئازار و بێ بەنج، لە کاتێکی کورتدا خانمەکە ئەنێردرێتە ماڵەوە.

ئەوەی دەرهێنرا لە لایەن کۆرپەزانەوە لە ژێر وردبیندا ئەپشکنرێت، کە هێلکەکان جیاکرانەوە، لە تاقیگادا لە بارودۆخی شیاودا هەڵئەگیرێت.

کە هێلکەکان ئامادە بوون، کورپەلەزانەکە تۆوی مێردەکە ئاوێتەی هێلکەکان ئەکات.

وردەوردە پاش پیتاندنی هێلکەکە، خانەی هێلکە دابەش ئەبێت و وەك توترکی لیدێت و پاشان ئەچێتە قۆناغەکانی تری دروستبوونی کۆرپەلە.

لە قۆناغی پێش کورپەلە دا بە هۆی بۆرییەکی تایبەتییەوە هێلکەپیتراوەکە لە ڕێگەی گولینك و کیلەکەوە ئەخرێتە ناو مناڵدانی دایکەکە.

دایکەکە ئەبێت تا کاژێرێك بە هێمنی پاڵ بکەوێت، پاشان ئەنێردێتە ماڵەوە.



پ/ ئایا ئەم کارە زیانی بۆ هێلکەدانی دایکەکە نییە؟

و/ هیچ بەڵگەیەك تا ئەمرۆ نییە ، كە ئەم كاری هێلكەوەرگرتنە زیانی بۆ هێلكەدان هەبێت. بە پێچەوانەوە  هێلكەدانەكان چالاك ئەبنەوە و لەوانەیە پاشتر بە شێوەیەكی ئاسایی سك بكەن.

پ/ ئایا گەر دەوروبەری هێلكەدان، بە هۆی نەخۆش پێشتر بەچەق بوو، هێلكەی لێ وەرئەگیرێت؟
و/ بەڵێ، تەنیا ئەوەندەیە ئەبێت هێلكەدانەكە و پۆرگی هێلكەدانەكان بە ئاسانی ببینرێت تا هێلكەی لێ وەربگیرێت.

پ/ چۆن باشترین كاتی ئەم هێلكە وەرگرتە ئەزانرێت؟
و/ هەموو تیمەكە لە نزیكەوە چاودێرتن تا كاتی شیاو بدۆزنەوە بۆ كارەكە.

پ/ ئەگەر هێلكە دەرنەهات، یان كارەكە هەمووی جارێك سەرنەكەوت، كەی ئەتوانرێت دووبارە بكرێتەوە .
و/ ئەم بە پێی خانمەكە ئەگۆڕێت، بەڵام دوای دوویان سی سوڕی مانگانە دووبار ئەكرێتەوە.

پ/ هەر ژنومێردە ئەتوانن چەند جار ئەم كارەیان بۆ بكرێت؟
و/ ژمارەیەكی دیاریكراو نییە و تەنیا لە لایەن ژنومێرد و پزیشكەكەیانەوە بڕیاری لێ ئەدرێت.

پ/ ئایا دوو هەفتە پێش كاتی وەرگرتنی هێلكەكە ئەبێت، ئەشێت كە ئەو ژنومێردە دەستی یەك بگرن واتە جووت بن؟
و/ بەڵێ بێ گومان.

پ/ ئەی پاش گەڕاندنەوەی هێلكەكە بۆ دایكەكە، ئەو ژنومێردە چەند تێكەڵ نەبن یان دەستی یەك نەگرن؟
و/ دو تا سێ هەفتە.

پ/ كەی دایكەكە ئەتوانێت بگەڕێتەوە سەر كاری ئاسایی خۆی؟
و/ بیست و چوار كاژێر دایكەكە نابێت بجووڵێت.
مەشق و كاری توند، ناكرێت تا نەسەلمێنرێت سكەكە گرتویەتی یان نە؟
لە مە بەدەر، خانمەكە ئازادە كەی دەست بە كاری ڕۆژانەی خۆی ئەكاتەوە.

پ/ كەی دایكەكە ئەزانێت  كە سكی هەیە؟
و/ سیانزە ڕۆژ پاش هێلكەوەرگرتنەكە، لە ڕێگەی ئەزمایشی خوێنەوە و پاشتر لە ٣٠-٤٠ ڕۆژدا بە هۆی سۆنەرەوە ئەسەلمێت كە سكی هەیە.

پ/ ئەگەر خانمەکە چەندین ساڵ لەوەوبەر، بۆری هێلکەی بەستبوو ئایا بە کەڵکی کورپەلەی ناو بۆری دێت بۆی بکرێت؟
و/بەڵێ

پ/ ئایا چون مناڵدان ئامادە ئەکرێت بۆ چاندنی هێلکە پیتراوەکە؟
و/ بە دەرمان و هۆرمۆن
١ –لوپران، بە شێوەی دەرزی ئەدرێت: کە هۆرمۆنەکانی ژێرمێشکەگلاند ئەوەستێتنێت، بەمە چەندی توانی هێلکەدان هێلکە دروست ئەکات.
٢- پێرگونال یان هۆرمونی هێلکەدانۆچکەهەژێن، کە هێلکەدانەکان چالاك ئەکاتەوە (٦-١٠) دە رۆژ پێش هێلکە وەرگرتن بە دەرزی ئەدرێت.
٣- هۆرمۆنی (hCG) کە بریتییە لەو هۆرمۆنەی ئەبێتە هۆی هێلکاندن ,(٣٤-٣٦) کاژێر پێش هێلکە وەرگرتن، بە دەرزی لە خانمەکە ئەدرێت.
٤- پرۆجیسترۆن: کە مناڵدان ئامادە ئەکات بۆ سکەکە پاش هێلکە ورگرتنەکە، ڕۆژانە بە شێوەی دەرزی لە دایکەکە ئەدرێت.
٥- سیروفین، خەپڵەیەکە، بۆ پێگەیشتنی هێلکە بەکار دێت.

پ/ ئەم دەرمانانە چ ماکێکیان هەیە؟
و/ ماکێکی گەورەیان نییە. بەڵام ئەبێت خانمەکە بە دکتۆرەکەی بڵێت گەر فرەهەستیار بێت بەرامبەر ئەم دەرمانانە یان دەرمانی تر.

پ/ ئایا ئەشێت دووانە یان سیانە لەم کورپەلەی ناو بۆریەوە دروست بێت؟
و/ بەلێ، چارەکێك لە سکەکان لەوانەیە دووانە بن و لە (٢-٣٪)ی سکەکان لە وانە یە سیانە بێت.

پ/ ئایا ئەم ریگایە ئەگەری ناتەواویە زگماکییەکان زۆر ناکات؟
و/ تا ئێستا ئەتوانین بڵێن نەخێر بەڵام لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەوێت.

پ/ هەموو کارەکە چەند کاتی ئەوێت؟
و/ نزیکەی سێ هەفتە.

پ/ ئایا گەر لە هێلکەیەك زیاتر لە خانمەکە دەرهات، چییان لێدێت؟
و/ چوار هێلکەی پیتینراو ئەگەڕێنرێتەوە بۆ مناڵدانی دایکەکە.

ئەگەر لە چوار پتر بوو، ژنومێردەکە ئەتوانن داوا بکەن کە بە بەستوویی بۆیان هەڵبگرن بۆ سکی داهاتوو , بڕیارەکە لای ژنومێردەکەیە.